**ڕاپۆرتی وەزارەتی وەرزش و لاوان**
**لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە لە 07-05-2006 دا تاکوو 07-10-2006**

**پێشەکی**
سیاسەتی وەزارەتی وەرزش و لاوان بە ڕوونی دەڵێت: «کار دەکەین بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی دێمۆکرات، سەرلەبەری جڤاتی کوردستان بگرێتەوە، بێ گوێ دانە جیاوازیی فەرهەنگی، نەتەوەیی، دینی، ئابووری، زایەند و تەندروستی».

ئەم سیاسەتە ڕەنگدانەوەی بەرنامەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە سەرۆک وەزیران، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی ڕایگەیاند: «... لەم کابینەیەدا، بایەخی تایبەت بە لاوان و بواری وەرزش دەدەین. کاری جیددی دەکەین، بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی لاوانمان. گەنج و لاوەکانمان بە باشی ئامادە دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەڵبستن. مسۆگەر کردنی ئایندەیەکی گەش، لە چوارچێوەیەکی واقیعیدا، مافی سروشتی نەوەکانی داهاتوومانە. هانیان دەدەین، ڕۆڵی کاریگەر و بونیادنەر بگێڕن لەناو کۆمەڵگادا.»

وەک نەریتی حکومەتێکی دیموکراتیک، وەزارەتی وەرزش و لاوان، ماوە بە ماوە ڕاپۆرتی کار و چالاکیی خۆی بڵاو دەکاتەوە. مەبەستیش لەم کارە بڵاو کردنەوەی زانیارییە بۆ هاووەڵاتیان دەربارەی هەنگاوەکانی ئەم وەزارەتە و هەروەها بۆ ئەوەیە هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار بتوانێت کار و چالاکیی ئەم وەزارەتە هەڵسەنگێنێن و بە دید و ڕەخنەی خۆیان ئەزموونی کار و ڕەفتاری شەففافییەت دەوڵەمەند بکەن.

ئەمە جاری یەکەمە وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەرێمی کوردستان دابمەزرێت. لەگەڵ دوو کەرتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بزووتنەوەی وەرزشیش بەداخەوە دووکەرت بووە. لە سلێمانی لە ڕۆژی 20-7-1995 دا ڕێکخراوێکی چەتر بە ناوی لیژنەی ئۆڵەمپی دامەزرا. لە هەولێر ئۆرگانێک چەتر بە پەسەند کردنی پەرلەمانی کوردستان بە ناوی ئەنجومەنی باڵای وەرزش ڕۆژی 6-10-2002 دامەزرا.

ڕەوشی 15 ساڵەی کوردستان و گرفتاریە زۆرەکانی کە هەبوون ماوەی نەداوە وەک پێویست وەرزش پێش بکەوێت. دووکەرتبوونی وەرزشیش وەرزشی لاوازتر کرد.

**دوای دامەزراندنی وەزارەت چی کراوە؟**
لەم ڕاپۆرتەدا باس لە کێشەکانی دامەزراندن و ڕێکخستنی کارگێڕیی وەزارەت ناکەین، باس لە کار و هەنگاوی پراکتیک دەکەین کە بە پێی پلانێکی هاوچەرخ و ستانداردێکی بەرز و دووربین پەیڕەو

دەکرێن. چالاکیی و پرۆژەی ڕێچکەشکێن و نوێی بە مەبەستی ڕاهێزانی جڤاتێکی مەدەنیی دێمۆکرات و ئافراندنی دەرفەتی هاوچەرخ و تەندروست بۆ لاوان و وەرزشکاران پیادە کراوە:

1- سایتێکی مۆدێرن بۆ وەزارەت ئامادە کراوە. ناونیشانی سایتەکە www.mosy-krg.org ئەم سایتەوە دەبێتە سەکۆیەکی چالاک بۆ بڵاو کردنەوەی زانیاری و ئاگاداری دەربارەی کاروباری وەزارەت و هەروەها دەرفەت دەرەخسێنی بۆ ساز کردنی پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتیاندا.

2- ڕەشنووسی یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی ئامادە کراوە و ڕۆژی 13-9-2006 نێردراوە بۆ لیژنەی تایبەتی لە بواری یاسادا تاکوو پرۆسەی یاسایی کۆتایی پێی بێت.

3- فەلسەفەی وەزارەت لە بواری وەرزش و لاواندا لەگەڵ پلانێکی بۆ کار ڕووەو ئامانجی کورت و مامناوەند و درێژخایەن، داڕێژراوە. ئەم کارە پاش گفتوگۆ لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوی جۆراوجۆری وەرزش و لاواندا، و هەروەها وردبوونە لە سیستەمی چەند وەڵاتێک، ئەنجام دراوە.

4- دارشتنی بنەمای تۆڕێکی پەیوەندیی نێونەتەوەیی باش کەوتۆتە کار.

5- لیستێک بە ناوی ڕێکخراوەکانی لاوان و سەنتەرەکان ئامادە کراوە بۆ ئەوەی وەزارەت بتوانێت پلانی پرۆسەی هاوکاری و هەڵسەنگاندن و بەدواچوون دابڕێژێت.

6- لە ڕۆژی 11-9-2006 بە نامەیەکی ڕەسمی وەزارەتی وەرزش و لاوان داوای لە پەرلمانی کوردستان کردووە لێژنەیەک بۆ کاروباری لاوان دابمەزرێت. ئامانج لە پێشنیار کردنی دامەزراندنی ئەم لێژنەیە هاوئاهەنگ کردنی کاروباری حکومەتە و هەروەها کۆ کردنەوەی هێز و ئەزموونی لاوانە بە مەبەستی دیاری کردن کێشەکانیان و دۆزینەوەی چارەی لەبار.

7- لیستەی یانەکانی وەرزش بە پێی یەکەی ئیداری ئامادە کراوە و لە سایتی وەزارەتدا بڵاو کراوەتەوە.

8- لە ڕێگەی ڕێکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، نامەیەک ئاڕاستەی نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان کراوە و تێیدا باس لە پلانی وەزارەت و پێداویستییەکانی کراوە. ئامانج لەم هە نگاوە ئەوەیە لە ڕێگەی کەناڵی گرنگی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە تیشک بخرێتە سەر پێداویستییەکانی لاوان و وەرزشکارانی کوردستان.

9- وەزیری وەرزش و لاوان، بە پشتیوانیی 23 ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان و هەندەران، بانگەوازێکی پێشکەش بە کۆمەڵگەی نێونەتەویی کرد. لەوێدا جەخت کراوە لەسەر پێداویستییەکانی بوار و لاوانی کوردستان و ئاماژەی ڕوونیش کراوە بەوەی ناکرێ ئارامی و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بکرێتە هۆکارێک بۆ چاوپۆشی لە پێداویستییەکانی ئەم بوارانە. چاوەڕێمان وایە لە ماوەیەکی نێزێکدا بەرهەمی بەرچاوی هەبێت.

10- فەندێکی تایبەتی وەزارەت بە پشتگیریی ڕاستەوخۆی سەرەک وەزیران، بۆ هاوکاریی وردەپرۆژەی لاوانی هەژاری داهێنەر، هاتە دامەزراندن.

11- پەیوەندییەکی باش دامەزراوە لەگەڵ هێزەکانی کوریایی دوست و چەندین داوای کۆنکرێت پێشکەش کراوە. بەرهەمێکی بەردەستی ئەم پەیوەندییە بریتییە لە ناردنی دەستەیەکی 20 کەسیی لاوان بۆ ڕاهێنان لە وەڵاتی کۆریی باشوور. لە هەڵبژاردنی ئەم دەستەیەدا ڕێژەی کچ و کوڕ ڕەچاو گیراوە.

12- لە ڕێی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان –لە بەغدا، وەزارەت نامەی ئاڕاستەی وەزارەتی پلاندانانی عیراق کردووە دەربارەی پێداویستییەکانی وەرزش و لاوانی کوردستان.

13- وەزارەت چەندین هەنگاوی ناوە بۆ یەکخستنەوەی هەردوو ئۆرگانی وەرزشی کوردستان کە خۆشبەختانە لە 29-7-2006 یەکیان گرتووە. هەڵبەت ئەمە پرۆسەیەکە کار و کاتی دەوێت. هەتا هەردوو لا تەواو یەک دەگرنەوە، خولی یاری و چالاکیی یانەکانی وەرزش وەک ئێستا دەبرێن بەڕێوە.

14- بە دەستپێشخەریی وەزارەتی وەرزش و لاوان کۆمیتەیەکی کار لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە ساز کراوە بە مەبەستی پەرەدان بە چالاکیی وەرزشی لە قوتابخانەکاندا. ئەم کۆمیتەیە هەتا ئێستا چەندین ڕاسپاردەی دەربارەی ئەو بوارانە ئامادە کردووە.

15- دوو پەڕتووکی تایبەت بە «کۆمەڵگەی مەدەنی» و «کاری ڕێکخراوەیی» ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوە کراوە. ئەم دوو بەرهەمە زانیاری و ئاگادارییەکی زۆر باش دەرباری شێوازی دێمۆکراتییانەی کاری کۆمەڵە و ڕێکخراو پێشکەش دەکەن. بە دیدی ئێمە ئەم کارە دبێتە سەرچاوەیەکی ڕێنوێن لە بواری خۆیدا.

16- فێستیڤاڵی ڕۆژی جیهانیی لاوان. ڕۆژی 12 ی ئاب، یادی ڕۆژی جیهانیی لاوان لە کوردستان بۆ یەکەم جار بەرز ڕاگیرا. لەم فێستیڤالەدا چەندین چالاکیی فەرهەنگی و هونەریی هەمەڕەنگ لەلایەن بەشداربووانی فیستیڤاڵەکە پێشکەش کران.

17- پرۆژەی ڕاهێزانی ڕێکخستنی لاوان – خولی تایبەتە دەربارەی هونەری خۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵە. هەنگاوی یەکەمی لە گوندی کەندەکەوەی ڕۆژاوای سلێمانی بوو. بە پشتیوانیی وەزارەتی وەرزش و لاوان و هاوکاریی ڕێکخراوی کۆمەک، لاوانی کەندەکەوە «کۆمەڵەی لاوانی کەندەکەوە» یان ساز کرد و لەم ماوەیەدا چالاکیی گەشیان دەبێت بۆ خزمەتی خۆیان و ژینگەی ناوچەکەی خۆیان. ئەم پرۆژەیە لە هەموو دەڤەرەکانی کوردستاندا پیادە دەکرێت.

18- پرۆژەی ڕادیۆی لاوان – ڕادیۆیەکی ئازادی لاوانە بە هاوکاریی وەزارەت دادەمەزرێت و لە لایەن «کۆمەڵەی ڕادیۆی لاوانی ڕانیە» وەوە دەبرێت بەڕێوە. هەنگاوی یەکەمی ئەم پرۆژەیە لە مانگی سێپتەمبەری 2006 دا لە شاری ڕانیە کەوتە کار. هەنگاوی دووەم لە شاری کەرکووکە. بەشەکانی ئەم پرۆژەیە بریتین لە خولی تایبەت بە سازمانگەری و ڕادیۆ و تەکنیک. پاشان دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕێبەر و ستۆدیۆی ڕادیۆیە. ئەوجا هەنگاوی پەخشی کۆمەڵەکانە.

19- پرۆژەی بایسکلی لاوان لە سەنتەری فێرکاریدا، بە دەم خوێندنەوە مانگانە دەیان بایسیکلی دەستکردی خۆیان بەرهەم دێنن. جگە لە فێربوونی هونەری تەکنیکی، ئەم پرۆژەیە داهاتی ئابووریشی بۆ لاوانی ئەو بنکەیە دەبێت. هەڵبەت سوودی ژینگەپارێزی و گەشەی تەندروستیشی دەبێت. مەڵبەندی پرۆژەکە شاری خانەقینە. هەنگاوی یەکەم دیاری کردنی کەرستە و سەرچاوەی فرۆشیارە. ئەم هەنگاوە جێبەجێ بووە. هەنگاوی دووەم گرێبەست و گواستنەوەی کەلوپەلە بۆ کوردستان. ئەمیان لە مانگی ئوکتۆبەردا ساز دەبێ.

20- پرۆژەی خانەی فێرکاریی لاوانی هەڵەبجە - خانەیەکی فێرکاریی ئازادە، مەبەست لیێ ڕەخساندنی دەرفەتی زانست و هونەر و وەرزشە بۆ لاوانی هەڵەبجە. وەزارەت سەرپەرشتیی خانەکە دەکات بەڵام کۆمەڵەیەکی ئازادی لاوان ئەرکی بەڕێوەبردنی خانەکە دەگرێتە ئەستۆ. هەنگاوی یەکەم ساز کردنی کۆمەڵە و دیاری کردنی بنکەی خانەکە بوو. ئەمیان ساز بووە. لە مانگی ئوکتۆبەردا کەلوپەل و پێداویستییەکانی ئامادە دەبێت و دەکەوێتە کار.

21- پرۆژەی دیالۆگ لەگەڵ لاوان – زنجیرەیەک کۆڕ و سەمینارە دەربارەی چەندین بابەتی گرنگی بواری لاوان و دۆزی دێمۆکراتی. هەنگاوی یەکەمی ئەم کارە بە هاوکاری تەلەڤیزیۆنی کەرکووک لە شاری کەرکووک ساز بوو. هەنگاوی دووەم دەڤەری بادینان دەگرێتەوە.

22- پشتیوانیی پرۆژەی شانوی گەڕۆک لە ڕێگای ڕێکخراوی ئاسوودەوە بۆ بەرجەستە کردنی دیاردەی کوشتنی ناموسی لە کوردستاندا.

23- پشتیوانی لە فەندی سپۆرتی سەلاح کە لە بەریتانیاوە هاوکاریی کوردستان دەکات.

24- وەزارەت دەستپێشخەری کرد لە دامەزراندنی یانەی وەرزشی ئافرەتانی کوردستان بۆ کۆ کردنەوەی بزاڤی وەرزشیی ئافرەتان لە ژێر یەک چەتری هەمەگیردا. بۆ ئەم مەبەستە دەستەیەکی کاتیی یازدە کەسی هاتە دیاری کردن و ئەو دەستەیە ئەرکی بەڕێوەبردن و پەرەسەندنی چالاکییەکانی خۆیان لە دەڤەری هەمەجۆردا بڵاو دەگرێتە ئەستۆ.

**پلانی کاری چەند مانگی داهاتوو چین؟**

1- تا ئەو کاتەی یاسای وەزارەت پەسەند دەکرێت، بەشێوەیەکی کاتی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگەکان چالاک دەکات بۆ ئەوەی لە پلانی خۆیان دوا نەکەون.
2- یەک گرتنەوەی تەواوی هەردوو ئۆرگانی وەرزشی. یەک گرتنەوەی ئەم دوو ئۆرگانەی وەرزشی کوردستان خواستی هەم وەزارەت و هەم خەڵکی کوردستانە. سیاسەتی وەزارەت لەم بوارەدا کاری جیددیە بۆ بزاڤێکی وەرزشیی ئازاد و دیمۆکرات دوور لە سیاسەتی حیزبی.
3- پەسەند کردنی دامەزراندنی کۆنفێدراسیۆنێکی گشتی وەرزشی هەرێمی کوردستان. تا ئەو کاتەی یاسا پەسەند دەکرێت و ئەم ئۆرگانە دروست دەبێت وەزارەتی وەرزش و لاوان سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی یانەکان دەکات.
4- دروست کردنی ژێرخانێکی وەرزشی لە سەرتاسەری کوردستان. هەر بۆیە لە پلانماندایە کە هەنگاو بە هەنگاو کار بکەین بەگوێرەی بودجەی تەرخان کراو و پێشەمیی پێویست بۆ دامەزراندنی یاریگە و مەلەوانگە و هۆڵی داخراو. گرنگە کەرتی تایبەتیش لەم بوارەدا نەخشی گەشی خۆی هەبێت. ئێمەش بە پەیڕەوی لەو سیاسەتە وەکوو وەزارەتی وەرزش و لاوان ئامادەین ناوی ئەو کەسە خێرخوازانە لەسەر ئەو یاریگە، مەلەوانگە و هۆڵانە تۆمار دەکرێت.
5- دروست کردنی شوێنی ڕاهێنانی لاوان بە پەروەردەیەکی نوێ کە وەزارەت پلانی بۆ داناوە بۆ نیوەی دووەمی ساڵی 2007. بەنیازین گەر بودجەی حکومەتی کوردستان ماوە بدات ئەم شوێنانە لە 3 پارێزگای کوردستان دروست بکرێت.
6- دانانی سیستەمێکی هاوکاری بۆ سەنتەر و ڕێکخراوەکانی لاوان کە پەیڕەوی لە پرۆسەی دیموکراتیک دەکەن و سیاسەتی دیموکراتیکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و وەزارەتی وەرزش و لاوان بەتایبەتی دەکەن.
7- لیستەی ئەو پرۆژانەی وەزارەت پشتیوانی لێ کردوون، لە کۆتای ساڵدا، لە سایتی وەزارەتدا بڵاو دەکرێتەوە.
8- لە ساڵی 2007 وەزارەت پێوەری تایبەتی خۆی دیاری دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی کاروباری هەردوو بواری وەرزش و لاوان.
9- دوای پەسەند کردنی یاسای وەزارەت لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، ستافی فەرمانبەرانی وەزارەتەکە ساز دەکرێت.

10- سەعات 9 ی بەیانیی ڕۆژی شەممەی 28 ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم) بە سەرپەرشتیی وەزارەتی وەرزش و لاوان هەڵمەتی «کوردستان خاوێن ڕاگرە Keep Kurdistan Clean - KKC» دەست پێ دەکات. ئامانجی ئەم هەڵمەتە هاوکاریی هەموو لایەنێکی پەیوەندیداری حکومەتی و کۆمەڵگەی مەدەنییە بۆ پاک کردنەوەی کوردستان و پەرەدان بە هۆشیاریی ژینگەپارێزی.

11- ڕێکخستنی کۆڕ و سیمینار بۆ تاوتوێ کردنی دەستووری کوردستان لە ڕوانگەی لاوان و وەرزشکارانەوە.

12- دامەزراندنی کۆمیتەیەکی هاوبەش لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەسەر کردنەوە و بەدواداچوونی دۆز و کاروباری وەرزش و لاوان.

13- ڕاگەیاندنی چەندین پرۆژەی جیاواز و داوا کردنی هاوکاریی لە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ سەرپەرشتیی ئەو پرۆژانە.

14- هاوکاریی لەگەڵ کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین بۆ تۆمار کردنی مێژووی وەرزشی کوردستان بە شێوەیەکی ئەلەکترۆنیی هاوچەرخ.

15- هاوکاریی لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان بە مەبەستی تۆژینەوەی ئەکادێمی دەربارەی دۆزەکانی وەرزش و لاوان.